# ئەگەر بڵێم: (سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر)^؛ ئەوا خۆشەویستترە لە لام لە ئەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە

لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر بڵێم: (سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر)^؛ ئەوا خۆشەویستترە لە لام لە ئەوەی خۆری بەسەردا هەڵهاتووە (مەبەستی دونیایە)». ^[ (سبحان الله) واتا: الله پاک وبێ گەردە وهەموو کەموکورتی وعەیبێک لە ئەو زاتە دوورە، (الحمد لله) واتا: وسوپاس وحەمد بۆ الله، (لا اله الا الله) واتا: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، (الله أكبر) واتا: الله لە هەموو شتێک گەورەترە ]

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە یادی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- بەم وشە مەزنانە خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە، ئەم وشانەش: (سبحان الله) واتا: الله پاک وبێ گەردە وهەموو عەیب وکەموکورتیەک لە ئەو زاتە دوورە. (الحمد لله) واتا: سوپاس وستایشکردنی الله بە سیفەتەکانی کامڵبوون لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزنداناني. (لا اله الا الله) واتا: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله. (الله أكبر) واتا: الله لە هەموو شتێک گەورەترە وشکۆدارترە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6211

النجاة الخيرية ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee